# شۆڕشی سۆسیالیستی و ئەگەرەکانی

کەمال رەوف

هەرچەندە ترۆتسکی وەك ڕابەرێکی سوسیالیستی، زیاتر بەوە دەناسرێتەوە کە توانیبێتی دەنگو ڕەنگێکی سوسیالیستیانە ی جیاواز بێت، لەبەردەم بیرو سیاسەت و دەسەلاتە تاکرەوانەکەی ستالیندا، بەلاّم لەگەڵ ئەو راستیەشدا، ئەو بیرە ئازادە بووە کەلەسەردەمی لینینەوە ویستویەتی بەتێزەکانی ئەو، بۆ شاییە سیاسی و فکرییانەش پڕبکاتەوە کە بۆڵشەفیکەکان درکیان پێنەدەکرد، هەربۆیە ئەو کاتە لەسەردەمی شۆرشدا بەو جیاوازیەوە دەرکەوت، کەبەپێچەوانەوە لای وانەبوو کەشۆرشی سوسیالیستی بتوانێت لەتەنها وولاتێکدا بەسەرکەوتن بگات و توانای بەردەوامی ومانەوەی هەبێت. هەربۆیە ئەو رابەرە جگەلەوەی دیوە جوانەکەی شۆرشی ئوکتۆبەری بەرکەوت، لەهەمانکاتیشدا توانی بەپێشبینیەکانی و بۆچوونەکانی جەختێکی زیاتر بکاتەوە لەسەر ئەنتەرناسیونالیزم و جیهانی بونەوەی شورشی کۆمەلاّیەتی، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەلگەی بیرتیژی ئەو بوو بەلاّم ئەو کاتە لەسەردەمی شۆرشدا هەرچەندە وەك پێویست راکانی لەبەر جاونەگیرا کەچی دوایی دەرکەوت بووە تەواوکەری ئەو بۆشاییانەی کەلەئەزموونی ئۆکتوبەر بەجێمان.

تێزی شۆرشی بەردەوام، یان شۆرشی ناوچەیی و جیهانی، رەنگە هیچ کاتێك هێندەی ئێستا زەرورەتی خوێندنەوەو پیاچونەوەی نەبێت، چونکە هەلو مەرجی ئالۆزی سیاسی سوسیالیستی و لەبەرامبەردا یەکپارچەبونەوە و سەپاندنی سیاسەتی یەکدەستەی زاڵ بەسەر بریارە نیودەولّەتیەکانداو دارشتن و خەترشتنی سیاسەتی دەولی و خربوونەوەی هێز لەدەست کەمینەیەکی دیاریکراوی جیهانیدا. . . . . ، ڕاستی ودروستی ئەو بروایەمان لائاشکرادەکات، کەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەلایەتیەکان سیفەتێکی زیاتر ناوچەیی یان جیهانی لەخۆدەگرێت، چونکە ئەمرۆ ئەوەی کە لەپشتی بریارە نیودەولّەتیەکانەوەیە هەربەتەنها دەولّەت و حکومەتەکان نین ! بەلّکو ئەو کۆمپانیاگەورانەشن کەلەپشتی پەردەوە خاوەن راو بۆچوونی تایبەت بەخویانن، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کەشۆرشی کۆمەلاّیەتی سەرپێچیکردن و هەلوەشاندنەوەی ئەو دەستێوەردان و هەیمەنەیە دەگەیەنێت کەئەمرۆ ئەوان بە (١٢) کۆمپانیایان خاوەن داهاتی نیوەی زیاتری جیهانن، ئەمە لە گەڵ ئەوەی کەرەنگە بلاّوبونەوەو بەربلاّوی شۆڕش تاکە زەمانەتی مانەوەو بەردەوامی شۆڕش بێت لەبەردەم هەر ئەگەر مەترسییەك کە لە دەرەوەو ناوەوە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە.

ئەمرۆئەزمونی شۆڕشەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە دەرکەوتنی عەولەمەو سیاسەتی ولاّتە براوەکانی جەنگی سارد ئەوە ئاشکرا دەکەن کە مەحالّە لە نێو ئەو ڕوداوانەدا لە ژێر هەژمونی ئەو سیاسەتە دوەلیەدا بیر لەوە بکرێتەوە شۆڕشی سۆشیالیستی بتوانرێت لە یەك ولاّتدا بەسەرکەتن بگات و بمێنێتەوە ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئەگەرە لە ولاّتانی پاشکەوتووبچووکی سەرمایەداریداجگە لەو هەزارو یەك پرسیارەی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە خەون و خەیالّێکی وا کە خوێن وبیری شۆڕشگێڕێتی سارد بکاتەوەو تاکی کۆمەڵ بەرەو ئەو دووڕیانە ببات کە یا دەبێت لێواو لێو خەیالّئامێزانەو یۆتۆپی بیربکاتەوە یان دەبێت بەرەو تەسلیمکاری وخاوبونەوەی کوشندە ئامێز بچێت، یەکێك لەو پرسیارە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی تاك وگروپی چەپ وسۆشیالستی و ولاّتانی پاشکەوتوو وبچوك دەبێتەوە، ئەوەیە کە سەرەتا بتوانێت ئەو پرسیارکردنە بهێننە ناوەوە کە ڕەنگە خودی ورۆژاندنەکەی لە گەڕان بە دوای وەلاّمەکەیدا زیاتر گرنگ بێت گروپەسیاسیەکانی ولاّتانی بچوك بە پێچەوانەی پێویستییەکانی خەباتەوە لە باتی ئەوەی کە بتوانن پرسیاری گەورەو گرنگ دروست بکەن لە نێو کۆمەلّدا خۆیان بونەتە جێگای پرسیارێکی زۆری جەماوەر، دیارە هەموو ئەو پرسیارانەش لە ڕوانگەی سۆشیالیستییەوە هێندە ئەوەندە کارەکانیان و جێگەو ڕێگەی گرووپەکان لە نێو کۆمەلّگادا دەخاتە ژێر پرسیارەوە هێندە بوونیان ناخاتە ژێر پرسیارەوە هەر بۆیەدەبێت ئێمەش لەو پرسیارانەوە دەست پێ بکەین کە ئەگەر نەتوانرێت شۆڕشی کۆمەلاّیەتی و سۆشیالیستی لە ولاّتێکدا بکرێت. ئەی دەبێت خەم و کارو خەباتی سۆشیالیستەکان لە نێو کۆمەلّێکی دیاریکراو و بچووك و پاشکەوتووی پیشەسازیدا چی بێت ؟ ڕەنگە بۆ سۆشیالیستی تەقلیدی کە هێشتا دەستی لە بازنە ی بیرکردنەوە کۆنەکان بەرنەداوە سەرپێی وبەئاسانی بلّێت : چارەسەر تەنها بڕوابوون و کارکردنە بۆ دەسەلاّتی کرێکاری و دامەزراندنی دیکاتۆرییەتی پرۆلیتاری و سۆشیالیزمە. ئەمە لە کاتێکدا دەوترێت و دووبارە دەبێتەوە کە سۆشیالیستەکان لە زۆربەی

ولآتەکاندا جگە لە ڕەوایەتی خواست و خەباتیان کەچی لە پەراوێزی ڕوداوەکانەوەن و نەیان توانیوە لە ئاستی گەورەییو ئازاری ڕوداوەکانابن، ڕەنگە بۆ کەسێك کە خاوەنی ئەو وەلآمە بێت ئەوتەنها ئەو دیوەی بۆچوونکەی مارکسیزمی لەبەر چاو بێت کە لای وایە شۆڕش یانی هەڵتەکاندنی سیستەمی دەسەلآتداریێتی و بەڕێوەچوونی کۆن و جێگرتنەوەی بە سیستەم و دەسەلآتێکی بالآتری مێژوویی، بەلآم دیوەکەی تر کە باس لە هەلومەرجی شۆڕش دەکات نەخوێنێتەوە، مارکس بەشداریکردن لە شۆڕشی مارسی ئەوروپادا لەو ڕوانگەیەوە بوو کە شۆڕش مەکینەی بەهێزی هەڵسوڕانی گۆڕانەکانە هەربۆیە بەشداری دەکرد، لە شۆڕشی ئەڵمانیادا لە گەڵ ئەنگلز پێکەوە بەرنامەیەکی سیاسییان دارشت و بە ناوی حزبی شیوعی ئەڵمانییەوە خستیانە بەردەم جەماوەر، ئەوان لەو بەرنامەیەیاندا ڕاستەخۆ داوای دەسەلآتداریێتی چینی کرێکاریان نەکردبوو بگرە زۆر لەوە کەمترو نەرمتر پێیان لەسەر یەکێتی خاکی ئەڵمانیا دادەگرت و لە ڕووی سیاسیشەوە جیایی کەنیسە لە دەوڵەتیان ڕاگەیاند ئەمە جگە لە چەند داوایەکی تری وەك کردنی خوێندن بە خۆڕایی و لێدانی پاشماوەی دەرەبەگایەتی، ئەوان پێیان وابوو ئەو کاتە بەو شێوەیە ڕێگاسازی دەکرێت بۆ شۆڕشی گەورە، چونکە مارکس دژ بەوە دەوەستایەوە کە هەندێك لە گەنجە هیگلییەکان و کۆمەڵەی ئەلئەحراری ئەو کاتە دەیان ویست بە وتارە فەلسەفییەکانیان و بە ڕەخنەی سەرپێی لە ئاین وبەبیری تازەی کۆمۆنیزم دنیا بگۆڕن. چونکە ئەو لەوە خافڵ نەبوو کە شۆڕش هەلومەرجی خۆیی هەیە و ئیرادەگەرییانە روونادات، بۆ ئەو تێگەیشتن لەوە ئاسان بوو کە بتوانێت لە نێوان ڕەخنەی فکری و چالاکییە سیاسییە شۆڕشگێڕییەکاندا ئەو پەیوەندییە حەیاتییە بدۆزێتەوە کەلەو کاتەدا بە خزمەتی کۆمەڵ ولە ئایندە شدا بە خزمەتی چوونە پێشەوەی بزووتنەوەکە دەشکێتەوە، هەربۆیە لە جەنگی فەرەنسا و بروسییەکاندا کە لەتەموزی ۱۸۷۰ دا هەڵگیرسا بە نوسینەکانی ئامۆژگاری خەڵکی ئاوا دەکرد کە هەوڵی ڕوخاندنی کۆماری فەرەنسای تازە نەدەن چونکە ئەو، ئەوکارەی بە مجازەفەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدا و ئەوەی پێ دەگوتنەوە کە دوژمن لەو حاڵەتەدا لە دەرگای پاریس دەدات، ئەو سەردەمانە کە خۆی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕێنانی نوێ بوو، لە گەڵ هاوڕیەکیدا ئەو مینەبەرەیان وا بەکاردەهێنا تاکوو بتوانێت لە دژی کۆنەپەرستی ئەڵمانیا بوەستێتەوە بۆ ئەو کە ڕۆژنامەکە ماوی دووەمی زەمانحاڵی بۆرجوازی ئۆپۆزیسیۆن بوو گرنگ نەبوو بەڵکوو ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو کە بتوانێت لەویوە ئازادی ڕۆژنامەگەری ورادەربڕین بسەپێنێت، ئەو وتارانەی کەئەوکاتە بلآوی دەکردنەوە زیاتر شکڵێکی پۆپۆلیستی بە خۆوە دەبینییەوە مەسەلەی جوتیاران و کێشە ئابورییەکانی کردبووە میحوەری سەرەکی خۆی بەلآم لە گەڵ هەموو ئەو بۆچونانەی دا دیسانەوە لای وابوو کە کۆمەڵگەی مەدەنی خەتو مەشی حکومەتەکان دیاری ناکات بە لکووبە پێچەوانەوە دەوڵەت وەك ئیدارەی کۆنترۆڵی چینایەتی ئەو دوایین بڕیاری سیاسی و ئابوری دەستنیشان دەکات، لە گەڵ ئەو ڕاستییەشدا مارکس خوازیاری کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە بوو کە ئازادییەکانی تاکی تیا لە بەر چاو بگیرێت چونکە لای ئەو ئەو ڕاستییە شاراوە نەبوو کەکاتێك دەتوانرێت کۆمەڵ بە مانا چینایەتییەکەی خۆی ڕێکبخات کە تاکی کۆمەڵ پێش ئەوەی خۆی وابەستەکردبێت بەچینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەوە، وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ و ئازاد هەستی بە بەدیهاتنی فۆرمەلە بوونی تاکێتی خۆی کردبێت بە جۆرێکی تر ئەوپێشمەرجە گرنگە بۆ تاکی شۆڕشگێڕ کە توانیبێتی ئەو سەربەخۆییو ئازادییەی بە دەست هێنا بێت کە بتوانێت خاوەن بڕیاری ئازادانەی بێت بۆ پەیوەستبونی بە چینەکەی خۆیەوە و ئارەزووی بزوتن وسەرکەوتن ڕۆحی داگرتبێت، مارکس لەو بارەیەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە مرۆڤ کاتێك سەربەخۆ دەبێت کە بتوانێت تاکێتی خۆی وەك ئادەمیزادێکی کامڵ و تەواو لە گەڵ پەیوەندییەکانی خۆیدا بسلێنێت و پراکتیزەی کردبێت. هەربۆیە هەڵەیە گەر ئەو ڕوانگە کۆنە والێکبدەینەوە کە لە شۆڕشدا هەموو مەسەلە ڕۆحی و سیاسی و ئامادەییەکانی مرۆڤ دەمودەست ئامادە دەبێت تواناى ئەوە ىدەبێت بە کودەتایەك دونیا بگۆڕێت، بە مانایەکی تر هەموو ئاڵوگۆڕو زەمینەسازیەکان هەلگرێت بۆ دوای شۆڕش و لامان وابێت کە تاکی دیسپلینکراو ئەو توانایەی هەیە کە یاخی بێت و هەستی شۆڕشگێڕیتی بەو بارەدا دەبێت کە دوای سەرکەوتن لە شۆڕش بەوئەنجامانە دەگات کە هەموو خودسازییەکان بۆ کۆمەڵ بە گشتی و بۆ تاك بە تایبەتی بەرهەمبێنێت، لەبەر چاو نەگرتنی ئەو خودسازیی و ئازادییەفەردییە لەپێش شۆڕشدا ئەوە بەرهەم دەهێنێت کە بیرۆکەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەو شێوە تەقلیدییە لێك بدرێتەوەکە بە میرات ماوەتەوە و لەبنەڕەتدا وا بەکاربێت کە بەبڕوابوون بەتوندوتیژی بۆ شۆڕش یان مانەوەی دیکتاتۆری تائەبەدی وتا دوایین هەناسەی سۆشیالیزم بەدەستەوە بگیرێت، چونکە بڕوابوون بەوەی سۆشیالیزم لەیەك ولآتدا هەبێت

هەمیشە هاوشانی ئەو بۆچوونە دەبێت کەلەترسی مەترسییە دەرەکییەکان ئەوە بەسەریدا فەرزبێت کە دەسەڵاتێکی تاکڕەوانە و پڕ لەتوندوتیژیڕ بەرهەمی شۆڕشێك بێت کە جگە لە ئازادی بەرابەری هیچ مانایەکی تر لە خۆناگرێت.

ئاشکرایە هەرچەندە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتە جیاوازەکان هەمیشە، توانیویانە وهەوڵیانداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە داکۆکی لە بوونی خۆیان بکەن، کە لەدرێژەی ئەم ڕەوایەتی پێدانەدا ئێستاش بەجۆرێك لەنێو یاساو مافەنێودەوڵەتیەکاندا شەرعیەت بوونی ئەومەسەلەیە ماوەتەوە و ئەومافە بۆدەسەڵاتەکان بەرەوادەبینرێتەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر پەیرەوی لەتوندوتیژی دەکرێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تاکە هیزی کۆمەڵایەتی، کەتوانای بەکارهێنانی هێزی لەهەموان کەمترە بەوە تۆمەتبارو گوناهباردەکرێت کەبرواى بەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە، ئاشکرایە بەشێکی ئەو تێگەیشتنە لەوێوە سەرچاوەی گرتوە، کەوڵاتە بەناوسوشیالیستەکانی پێشوو ئەو مەسەلەیەیان وابەدەستەوە گرتبوە کەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یانی دیکتاتۆریەتی حیزب و دەسەڵات و بکوژی هەموو جیاوازیەکان ولەناوبردنی کەشوهەوای دیموکراتیانە، کەبەپێچەوانەوە سوسیالیستەکان لەوروانگەیەوە دیموکراتیەت دەخەنەژێرپرسیارەوە کەمەودای ئازادی و سیاسی کەمووکورتەو ئاوەڵانیە بۆهەموولایەك، ئەم تێکەڵی و بەهەڵە وەرگێرانە، کەبۆتە بەشێکی ناشرین بەسەر مێژووی سوسیالیزمەوە، نە بەنوسین نەبە ئاسانی ناگەرێتەوە جیگەورێگەی خۆی، بەتەنها کارێك کەلەبەر دەمی سوسیالیستەکاندا ماوەتەوە بۆئەوی دەستیان لەئەلقەکۆنەکان و تێگەیشتنە خراپەکان بێتەوە ئەوەیە کەوشەی دیکتاتوری پرۆلیتاری لەفەرهەنگی خویاندا بگۆرن بۆ ئەو دروشم و وشەیەی کەگونجاوی خەبات و کێبەرکێیانەی سەردەمە، بەمانایەکی تر دەبێت سوسیالیستەکان ئەومانا راستەقینەیە بەشۆرش ببەخشنەوە کەسوسیالیزم لەبنەرەتدا پێکەوە ژیانی ئارام و ئاشتییانەو هاوبەشێتی لە چۆنێتی ژیان و گوزەراندایە، کە ئەمەش جگە لەوەی یەکێتی ئادەمیزاد بەشێوەیەکی دڵخوازانەبەرهەم دەهێنێت ئەو تواناوبڕوایەش بۆ مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە کە لە نێو کۆمەڵدا تاکێکی ئاسودەو ئەکتیف بن.

سەبا ڕەت بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستیش بە تایبەتی لە وڵاتانی بچوك و پاشکەوتووی سەرمایەداریدا ئەو شەڕ ڕاگەیاندنە ناوەختە جگەلەوەی زیاترلە هەڵچوونێکی کاتی گروپەکان دەچێت لە هەمان کاتیشدا ئەو زیانەی دەبێت کە سیحری جوانی وگرنگی ئەو شۆڕشە لای جەماوەربخاتە ژێر پرسیارەوە. . . . .

Kamalrehuf300@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣